# چاوخشاندنێک بە سەر ڕووداوەکانی عێراق دا

ڕووداوەکانی عێڕاق لە دوو حەوتووی ڕابردوودا جارێکی دیکە سەرنجی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بۆ ئەو وڵاتە بەڵا خێزە ڕاکێشا . سەرکەوتنی تەیفی سوننیی ئیفراتی لە ژێر ناوی داعش دا، لە دەست بەسەرداگرتنی بەشێکی گەورە لە ناوچە سوننی نشینەکانی عێڕاق و بە تایبەت شاری مووسڵ ، حکوومەتی بەغدا و پشتیوانە هەرە نزیکەکەی بەغدا (کۆماری ئیسلامی) بە تەواوی غافڵگیر کرد . چەندین لەشکر و تیپی عێڕاقی کە بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ تێڕوریسم و داعش و فشار خستنە سەرکوردستان لە سنوورەکانی ناوچە سوننی نشینەکان و سنوورەکانی کوردستان پۆڕدرابوون بە پەلە پرووزە چەک و چۆڵەکانیان تەحویلی داعش دا و ناوچەکەیان تەسلیم کرد و بۆخۆشیان یا تەسلیم بوون یا بۆی دەرچوون و بەغداو ناوچە شیعە نشینەکان و تەنانەت نەجەف و کەربەلا کەوتنە مەترسیی هێرشی ڕاستەوخۆی داعشەوە . بێ شک ئەوە بە هەڵکەوت نەبوو و وەک پلانێکی داڕێژراو و ئامادە کراو دەچێ کە بە ڕێک وپێکی بەڕێوەچوو. هۆی ئەو ڕووداوانە چن؟

1. تەبلیغاتی دنیای شیعە بە ڕێبەری ئێران و بەشداری عێڕاق و حزبوللا و هاودەنگی سوریە و ئەو پێوەندیەی کە بەینی ئەو وڵات و هێزانە هەیە کە لە لایەکەوە پشتی بەشار ئەسەدی گرت و لە کەوتن نەجاتی داو لایەکی دیکەوە دەنگی تەشەیوعی لە یەمەن ، عەرەبوستان ، پاکستان ، ئەفغانستان ، بەحرەین وهەر جێگایەکی دیکەی کە شیعەی لێ یە بەرزکردەوە . ئەو سیاسەتە دەگەڵ بەربەرەکانی تەیفی سوننیی ئیفراتی کە عەرەبوستانی سعوودی و قەتەر و پاکستان و تاڵەبان و ...بەڕێوەی دەبەن بەرەو ڕوو بوە و لە سووریە بەتایبەت، لە شەڕی ڕاستەوخۆ دا بەرامبەر بە یەک ڕاوەستاون . بەرین کردنەوەی ئەو جەبهەیە تا دەروازەکانی بەغدا و کەربەلا و زەعیف کردنی حکوومەتی مالیکی و تەزعیفی زنجیرەی تاران ، بەغدا ، دمشق ، دەتوانێ وەک بەشێک لە سیاسەتی گشتی تەیفی سوننی بێ کە بەرامبەر بە پەرەگرتوویی سیاسەتی شیعە دژ کردەوە نیشان دەدا و بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خۆی هەنگاو هەڵ دێنیتەوە. ئەو تەیفە مالیکی بە بازیچەی دەستی سیاسەتی ئێران دەزانێ و نەجەف و کەربەلاو قوم وەک ناوەندی فتنە چاو لێ دەکا و هەوڵ دەدا دەسەڵاتی سوننی لە عێڕاق دا مسوگەر بکاتەوە یا لانی کەم هەر چەندی دەکرێ دەسەڵاتی شیعە کەم تربکاتەوە. هەروەها پێی ئیران زیاتر بکێشێتە ئەو شەڕەوە کە لە خاکی وڵاتانی تەیفی شیعەدا بەڕێوە دەچێ و دەبێتە هۆی کاول بوون و دواکەوتوویی ڕۆژ بە ڕۆژیان. کاتێک ئێران لە پشت ڕاپەڕینی شیعەکان لە عەرەبوستان و یەمەن وجێگاکانی دیکە ڕادەوەستی ، زۆر سروشتیە ئەگەر تەیفی سوننیش ئەو ئاورە بخاتەوە داوێنی ئێرانەوە و لە حەوزەی نفووزی خۆیدا گێچەڵی بۆ دروست بکا. ئەگەرتەیفی سوننی شتێکی وا نەکا سەیر دەبێ.

2. کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی دەسەڵات بەدەستەوەگرتنیەوەدژایەتی ئیسرائیلی کردوە و بەهۆی حزبوڵلا و حەماسەوە شەڕێکی ڕاستەوخۆی تا سنوورەکانی ئیسرائیل بردۆتە پێشێ . ئێران هەروەها سووریە ی بە نووکی نیزەی ئیسلام (شیعە) وەسف کردوە . ڕووداوەکانی سوریە هەلێکی ڕێڕینی بۆ ئیسرائیل ڕەخساند کە ئەو نووکی نێزەیە کول بێتەوە. بەشار ئەسەدێکی زەعیف کراو

ناتوانێ مەترسیەکی گرینگ بۆ ئیسرائیل بێ. سووریە یەکی نائارام بە دەوڵەتێکی زەعیفەوە وپڕ لە کێشە و ناکۆکی ، بە قازانجی ئەمنیەت و ئیقتیداری ئیسرائیلە لە هەموو بارێکەوە. ئەگەر ئێران لە ڕێگای حزبوڵلاوە هەڕەشە لە نێوخاکی ئیسرائیل دەکا ، زۆر سروشتیە ئیسرائیلیش لە فکری شەڵەقاندنی دنیای شیعە بەتایبەت سوریە و عێراق دابێ کە حەیات خەڵوەتی ئیرانن و تەقویەتی داعش بکا کە لە بەغدا و کەربەلاو مووسڵ بەربەرەکانی ئێران بکا . ئێران ئێستا کێشراوەتە نێو هەر دوو شەڕی سوریە و عێڕاقەوە . ئەگەر ئێران لە ڕێگای حزبوڵلاوە شەڕی گەیاندبوە نێو خاکی ئیسرائیلەوە ، بۆ ئیسرائیلیش لەرێگای داعشەوە شەڕ نەگەیەنێتە نێو خاکی ئێران یا سنوورەکانی ئێرانەوە. ڕێکخستنی ئەوهەموو تەیفە جوراوجۆرەی سوننی و پاشماوەکانی حزبی بەعسی عێڕاق و ڕاهێنانیان و پێوەند بەرقەرارکردنیان لەگەل ئەو لەشکرانەی ئەرتەشی عێڕاق کە لە ماوەی چاو ترووکاندنێکدانیوەی خاکی عێڕاق و سوپای عێڕاقیان تەسلیم کرد و هەمووی ئەوانەش دوور لە چاوی دەزگای سیخوڕی ئێران و عێڕاق و دوستەکانیان بەڕێوە چوە تەنیا لە دەزگایەکی لێهاتووی وەک ئیسرائیل یا لە چەشنی وان دەوەشێتەوە و کاری هەر کەس نیە . دەکرێ بە هاماهەنگی دەگەل تەیفی سوننی کرابێ کە لەو نوختەیەدا بەرجەوە ندیەکانیان یەکی گرتوتەوە. ئەو وەزعە ئێرانی تووشی شەڕ لە دوو جەبهەی سووریە و عێڕاق دا کردوە ومەعلووم نیە تا کەی درێژەی دەبێ. دنیای ڕۆژاوا و ناتۆ دەڵێن دەخالەتی ڕاستەوخۆ ناکەن و بە گوێرەی سیاسەتی ناسراویان هەول دەدەن بە قازانجی خۆیان لەئاوی لێل ماسی بگرن.

3. ئەو وەزعە هەرێمی کوردستانی خستە قوناغێکی تازەوە. ئوپراسیونەکانی دەجلە و بادیە و.... کە لە دژی کورد ڕێک خرابوون بوون بە بڵقی سەرئاو. دەسەڵاتی داعش لە ناوچەکانی سوننی نشیندابۆتە حایلێک بەینی هێزەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستان . هێزی پێشمەرگەی کوردستان پاراستنی هەموو ناوچە کوردنشینەکانیان وەستۆ گرتوە و لێی دامەزراون. بەختەوەرانە بە بێ شەڕ ئەو قازانجانە دەستەبەر بوون . ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێ داوێنی خۆی لە پریشکەی ئاوری ئەو کێشەیەی شیعە و سوننی کە ناوچەکەی داگرتووە بپارێزێ و ناوچە دابڕاوە کوردنشینەکان بە جێ نەهێڵێ ولەو فرسەتە بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی کەلک وەرگرێ بەرەندەی گەورەی ئەو ڕووداوانە دەبێ. حکوومەتی مالیکی گاڵتەی بە سیستمی فیدڕاڵی دەهات و یاسای بنەڕەتی وڵاتی وەکوو وەرەق پارەیەک دەدی کە بە هاسانی دەکرێ بیخەیە ژێرپێ. ڕێزی بۆ مافەکانی گەلی کورد و پێک هاتەی عەرەبی سوننی وڵات دانەدەنا و بە کەیفی خۆی و لە ڕوانگەی شیعە گەرایی خۆیەوە هەموو شتی دەدیت و هەر لەو ڕوانگەشەوە بە کەیفی خۆی لێی دەخوڕی و بەو لاساریەی کورد و سوننی کردە نەیار و دژبەری خۆی. ئێستا کەوتۆتە وەزعێکەوە یەکیەتی ئورووپا داوای ئیستعفای دەکا ، ڕێبەرانی سوننی دنیای عەرەب مەرگی بەئاوات دەخوازن ، کوردەکان و عەرەبی سوننی وڵاتەکەی پشتیان تێ کردووە و قەیرانێکی قووڵی سیاسی وڵاتەکەی بەرەوە هەلدێر دەبا . ئەگەر دەبینین ناوچەکانی عەرەبە سوننیەکان هاودەنگی دەگەڵ تەیفی داعش دەکەن هۆیەکەی ئەوەیە مالیکی نائومێدی کردن و ڕێگای دانیشتن و ڕێک کەوتنی لێ گرتن و بەربەرەکانی و خەباتی بە سەر داسەپاندن.

4. تورکیە دەگەڵ رەوتی پێشرەفتی شیعە لە ناوچەکە دانیە . پشتیوانیی دنیای شیعە لە بەشارئەسەد بە جۆریک بەربەرەکانی دەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆی لێک دەداتەوە . پێوەندی خۆی دەگەڵ سوننیەکانی عێڕاق ناشارێتەوە و بە ئاشکرا تاریق هاشمی لە رێبەرانی بزووتنەوەی سوننی عێڕاقی لە بن باڵی خۆی گرتووە و دەستی بۆ تێکۆشانی سیاسی ئاواڵە کردوتەوە . سەرکەوتنی سوننی لە عێڕاق بەشێکی زۆر لە بەرجەوەندیەکانی دەستەبەر دەکا. بۆیە وەزعی مەوجوود بە زەرەری خۆی نازانێ و هەوڵ دەدا کەڵکی لێوەرگرێ . پەرەگرتنی بەرژەوەندیەکانی کوردی پێ خۆش نیە بەڵام ئەگەر بەربەرەکانی و دژایەتی راستەوخۆی مەسەلەی کورد لە سووریە بکا هەموو ئەو بەرنامەی ئاشتیەی کە تا ئێستا کاری بۆ کردوە لە مەترسی دەکەوێ و لە وڵاتەکەی خۆی دا بە هۆی مەسەلەی کوردەوە تووشی توندو تیژی دەبێ وئەگەر لە عێڕاق دا دژایەتی بەرژەوەندیەکانی کورد بکا هەموو یەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکانی لە هەرێمی کوردستان دا لە دەست دەدا. کورد دەتوانێ بەو فاکتورانە دژایەتی تورکیە دەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆی تا رادەیەکی زۆر مهار بکا .

5. ئێستا لە عێڕاقدا سێ زهنیەت هەیە :

1. زهنیەتی شیعەی تێکەڵ دەگەڵ دەمارگرژی عەرەبی کە مالیکی رێبەری دەکا و لە ژێر ئوتوریتەی سیاسی ئێراندا توانای بریاردانی سەربەخۆی نیە و نەی توانی وڵامدەرەوەی پیداویستیەکانی خەڵکی عێراق بێ.

2. زهنیەتی سوننیی تێکەڵ دەگەڵ دەمارگرژی عەرەبی کە بە قەتڵ و غارەت و کوشت و کوشتار خۆی پێناسە دەکا . بەرنامەیەکی روونی بۆ ئیدارەی داهاتووی عێڕاق رانەگەیاندوە . دوژمنی شیعە و مافەکاقنی گەلی کوردە و بە هەموو شێوەی مومکین بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەوڵ دەدا.

3. زهنیەتی دێموکڕاتیک کە کورد نوێنەرایەتی دەکا . لە لایەن هەردوو زهنیەتی نێو کۆمەڵگای عێڕاق و ئیرتجاعی مەنتەقەوە لە ژێر فشار دایە و لە هەوڵ دایە خۆی بە هێز کا و بە مافەکانی نەتەوەیی خۆی بگا .

دنیای رۆژاوا بە لێک گرێدانی ئەوهەموو تەزادە ئانتاگونیستیە لە سەر پاراستنی جوغرافیای عێڕاق سوورە و تا ئێستا بۆ دەرکی ئەو ناکۆکیە درشتانە لێوەشاوەیی لە خۆی نیشان نەداوە.

تایر عەلیار 140617